بەڵکو بڵێن: بیستمان و گوێڕایەڵین، داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەین پەروەردگارمان، و گەڕانەوە بۆ لای تۆیە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێک ئەم ئایەتە دابەزی بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-: {لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَإِنْ تُبْدُوا مَا فِي أَنْفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُمْ بِهِ اللهُ فَيَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ وَاللهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} [البقرة: 284] واتە: {هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایە هەر مولْکی خوایە، ئەگەر ئاشکرای بکەن ئەوەی لە دڵتاندایە یان بیشارنەوە خوا لێپرسینەوەتان لێدەکات لەسەری ئەوسا خۆش دەبێت لەو کەسەی کە بیەوێت وە سزای کەسێک دەدات کە بیەوێت وە خوا بەدەسەڵات و بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا}، ئەمە بۆ هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- زۆر قورس و گران بوو، بۆیە هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- و لەسەر ئەژنۆ دانیشتن، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، هەندێک ئەرکمان پێ سپێردرا بوو کە لە توانامانداا بوو ئەنجامی بدەین، وەکو نوێژ وڕۆژوو وجیهاد وخێر کردن، پاشان ئەم ئایەتەت بۆ دابەزی و لە توانای ئێمەدا نییە کە جێبەجێی بکەین، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا دەتانەوێت هەروەک شوێنکەوتووانی دوو کتێبەکەی پێش خۆتان (جوولەکە و گاورەکان) بڵێن: بیستمان و سەرپێچیمان کرد؟ بەڵکو بڵێن: بیستمان و گوێڕایەڵین، داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەین پەروەردگارمان، و گەڕانەوە بۆ لای تۆیە»، ئەوانیش وتیان: بیستمان و گوێڕایەڵین، داوای لێخۆشبوونت لێدەکەین پەروەردگارمان و گەڕانەوە بۆ لای تۆیە. کاتێک خەڵکەکە ئەمەیان خوێندەوە و بە ئاسانی هاتە سەر زمانیان، خودا یەکسەر دوای ئەوە ئەمەی دابەزاند: {آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ المَصِيرُ} [البقرة: 285]، واتە: {(پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) بڕوای هێنا بەو پەیامەی کە بۆی نێرراوە لە پەروەردگاریەوە لەگەڵ بڕوادارانداا هەموو بڕوایان هێناوە بە خودا وە بە فریشتەکانی وە بە پەیامەکانی وە بە پێغەمبەرانی جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ یەکێک لە پەیامبەرانی (بڕواداران) ووتیان: (پێغەمبەر ئایتی خوای پێ گەیاندین ئێمەیش) بیستمان فەرمانبەرداریمان کرد داوای لێخۆشبوونت لێدەکەین ئەی پەروەردگارمان وە هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە}، کاتێک ئەوان ئەوەیان کرد (ئەوەیان ووت)، خودا ئەو (ئایەتەی) هەڵوەشاندەوە، وئەم ئایەتەی دابەزاند: {لَا يُكَلِّفُ اللهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا} [البقرة: 286] واتە: {خودا ئەرک ناخاتە سەر هیچ کەسێک لەوە زیاتر کە لە توانایدایە پاداشتی ئەو (چاکەیەی) بۆ هەیە کە کردوویەتی و سزای ئەو (خراپەیەی) لەسەرە کە کردوویەتی، ئەی پەروەردگارمان لێمان مەگرە ئەگەر کردەوەیەکی پێویستمان لەبیرچوو یا بەهەڵە گوناهێکمان کرد}، (خودا فەرمووی): «بەڵێ»، {رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا} [البقرة: 286] واتە: {پەروەردگارمان ئەرکێکمان مەخەرە سەر کە توانای هەڵگرتنیمان نەبێت وەک ئەوەی داتنا لەسەر ئەوانەی پێش ئێمە (ئوممەتانی پێشووتر)}، (خودا فەرمووی): «بەڵێ»، {رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ} [البقرة: 286] واتە: {ئەی پەروەردگارمان بەڵای وامان بەسەردا مەدە کە بۆمان هەڵنەگیرێت}، (خودا فەرمووی): «بەڵێ»، {وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنْتَ مَوْلَانَا فَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الكَافِرِينَ} [البقرة: 286] واتە: {لێمان خۆشبە و لێمان ببووڕە، ڕەحممان پێ بکە، تۆ پشتیوان و یارمەتیدەر و پارێزەری ئێمەیت، و سەرمان بخە بەسەر گەلی بێباوەڕاندا}، (خودا فەرمووی): «بەڵێ».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

کاتێک خوای گەورە ئەم ئایەتەی بۆ پێغەمبەرەکەی دابەزاند -صلى الله عليه وسلم-: {لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ} واتە: {هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایە هەر مولْکی خوایە}؛ لە خولْقاندن و خاوەندارێتی و ڕکێفکردن و بەڕێوەبردن و ڕێکخستندا، {وَإِنْ تُبْدُوا} واتە: {ئەگەر دەریبخەن}؛ و ئاشکرای بکەن، {مَا فِي أَنْفُسِكُمْ} واتە: {ئەوەی لە ناختاندایە}؛ و لە دڵتاندایە، {أَوْ تُخْفُوهُ} واتە: {یان بیشارنەوە}؛ و بە نهێنی بیهێڵنەوە لە

دڵتاندا، {يُحَاسِبْكُمْ بِهِ اللَّهُ} واتە: {خودا لێپرسینەوەتان لێدەکات لەسەری}؛ لە ڕۆژی دواییدا. {فَيَغْفِرُ لِمَنْ يَشَاءُ} واتە: {جا خۆش دەبێت لە هەرکەسێک کە بیەوێت}؛ بە فەزڵ و ڕەحمەتی خۆی، {وَيُعَذِّبُ مَنْ يَشَاءُ} واتە: {و سزای هەرکەسێک دەدات کە بیەوێت}؛ بە دادپەروەری خۆی، {وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} واتە: {و خودا لەسەر کردنی هەموو شتێک تواناداڕە}؛ هیچ شتێک ناتوانێت لێی دەرباز بێت و لە ژێر دەسەڵاتی دەربچێت. کاتێک هاوەڵان ئەمەیان بیست؛ ناڕەحەت و گران بوو لەسەریان، چونکە تەنانەت لێپرسینەوەیشی تێدایە لەسەر هەموو ئەو بیرۆکانەی کە دێن بەسەر دڵدا. هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، پاشان لەسەر ئەژنۆیان دانیشتن، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، پێش ئەمە ئەرکمان پێ سپێردرا لە کردەوە جەستەییەکان کە توانای ئەنجامدانیانمان هەیە؛ وەکو نوێژ و ڕۆژوو و جیهاد و خێرکردن، بەڵام کە ئەم ئایەتەت بەسەردا دابەزیووە؛ لە تواناماندا نییە ئەنجامی بدەین. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموون: ئایا دەتانەوێت وەک جولەکە و گاورەکان بڵێن: {سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا} واتە: {بیستمان و سەرپێچیمان کرد}؟ بەڵکو بڵێن: {سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ} واتە: {بیستمان و گوێڕایەڵین لێخۆشبوونی تۆمان دەوێت ئەی پەروەردگارمان و گەڕانەوە هەر بۆ لای تۆیە}، هاوەڵان وەڵامی فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەیان دایەوە، ووتیان: بیستمان و گوێڕایەڵین، لێخۆشبوونی تۆمان دەوێت ئەی پەروەردگارمان و گەڕانەوە هەر بۆ لای تۆیە. کاتێک مسوڵمانان ئەمەیان ووت بە زمانەکانیان، و لە دەروونیانەوە فەرمانبەرداری فەرمانی اللە بوون؛ اللە ستایشی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و ئوممەتەکەی کرد، و ئەم ئایەتەی دابەزاند: {آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ} واتە: {پێغەمبەر باوەڕی هێنا بەوەی کە لەلایەن پەروەردگارییەوە بۆی دابەزیووە و باوەڕدارانیش}؛ و زمان و دڵەکانیان گوێڕایەڵی فەرمانی خودا بوون. {كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ} واتە: {هەموویان باوەڕیان هێنا بە خودا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی، جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ یەکێک لە پێغەمبەرەکانی}. بەڵکو باوەڕمان بە هەموویان هەیە {وَقَالُوا سَمِعْنَا} واتە: {و ووتیان بیستمان}؛ وتەکەت، {وَأَطَعْنَا} واتە: {و گوێڕایەڵین}؛ بۆ فەرمانەکەت، و {غُفْرَانَكَ رَبَّنَا} واتە: {داوای لێخۆشبوونت لێدەکەین ئەی پەروەردگارمان}؛ و لێبوردنت، {وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ} واتە: {و بۆ لای تۆیە گەڕانەوە}؛ و چارەنووسمان لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، کاتێک ئەوەیان کرد و ئەوەیان ووت کە فەرمانیان پێکرابوو؛ بە دەربڕینی بیستن و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانەکانی خودا، خودا ئاسانکاری کرد بۆ ئەم ئوممەتە و ئەو ئایەتەی هەڵوەشاندەوە بە فەرمایشتی: {لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا} واتە: {خودا ئەرک ناخاتە سەر هیچ کەسێک لەوە زیاتر کە لە توانایدایە}؛ و لە هێز و وزە و تێکۆشانیدایە، {لَهَا} واتە: {بۆ ئەوە}؛ پاداشتی، {مَا كَسَبَتْ} واتە: {ئەوەی بەدەستی هێناوە}؛ لە کردەوەی چاک، {وَعَلَيْهَا} واتە: {و لەسەریەتی}؛ سزای، {مَا اكْتَسَبَتْ} واتە: {ئەوەی بەدەستی هێناوە}؛ لە تاوان و گوناهـ، و خودا هیچ کەسێک سزا نادات بە تاوانی کەسێکی تر، هەروەها سزای مرۆڤ نادات بەهـۆی ئەو شتانەی کە دەروونی وسوەسەی پێ دەکات. {رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا} واتە: {ئەی پەروەردگارمان لێپرسینەوەمان لەگەڵدا مەکە}؛ و سزامان مەدە، {إِنْ نَسِينَا} واتە: {ئەگەر لەبیرمان چوو}؛ و بیرمان نەکەوتەوە، {أَوْ أَخْطَأْنَا} واتە: {یان هەڵەمان کرد}؛ و پشتمان لە ڕاستی کرد بە نا ئەنقەست، خودا وەڵامی دایەوە، و فەرمووی: بەڵێ، کردم. {رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا} واتە: {ئەی پەروەردگارمان ئەرکی قورس مەخەرە سەرمان}؛ ئەرکێك کە ناڕەحەت و گران بێت، {كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا} واتە: {هەروەکو چۆن خستتە سەر ئەوانەی پێش ئێمە}؛ لە نەوەی ئیسرائیل و جگە لە ئەوان، خودا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: بەڵێ، کردم. {رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ} واتە: {ئەی پەروەردگارمان بەڵای وامان بەسەردا مەدە کە بۆمان هەڵنەگیرێت}؛ لە ئەرک و تاقیکردنەوە و ئەو شتانەی کە ناتوانین لە ئەستۆی بگرین، خودا فەرمووی: بەڵێ کردم، {وَاعْفُ عَنَّا} واتە: {و لێمان خۆش بە}؛ لە گوناهەکانمان و بیسڕەوە، {وَاغْفِرْ لَنَا} واتە: {و لێمان ببورە}؛ لە گوناهەکانمان و دایانبپۆشە، و لێیان گەڕێ، {وَارْحَمْنَا} واتە: {و بەزەییت پێماندا بێتەوە}؛ بە ڕەحمەتی فراوانت، {أَنْتَ مَوْلَانَا} واتە: {تۆیت خاوەنمان}؛ و گەورەمان، {فَانْصُرْنَا} واتە: {بۆیە سەرمان بخە}؛ بە بەڵگە و زاڵبوون، {عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ} واتە: {بەسەر گەلی بێباوەڕاندا}؛ لە شەڕ و جیهاد لە دژیان، خودا وەڵامی دایەوە و فەرمووی: بەڵێ، کردم.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65285